


له مێژووی کورددا سامانێکی گەورەی ئەدەبی ماوەتەوە، کە بریتییە لە شیعری کلاسیکی کوردی. کەم تا زۆر شاعیران ناسێنراون و شیعرەکانیان ساغ کراونەتەوە و چاپ کراون. ئێستا بە دەیان، بگرە بە سەدان دیوانی چاپکراوی شاعیرانی کلاسیکی کوردی لەبەردەستدان و نووسەران و ئەکادیمیان و خوێنەران بۆ خوێندنەوە و توێژینەوە پشت بەو دیوانە چاپکراوانە دەبەستن.

وێڕای هەوڵی دڵسۆزانە و ماندووبوونی هەموو ئەو کەسانەی کە کاریان لەسەر ئەو دیوانانە کردووە، لە کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و لێکدانەوەی شیعری شاعیران، کە ئەمە جێی دەستخۆشی و پێزانینە، بەڵام گرفتێکی گەورە لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو دیوانانەدا هەیە، کە لەسەر بنەمایەکی عەرووزی ساغ نەکراونەتەوە.

عەرووز زانستێکە تایبەتە بە کێش و ڕیتم و مۆسیقای شیعری کلاسیکی و کۆمەڵێک پێوەر و بنەمایە، کە شیعری کلاسیکی پێ دەپێورێت. زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کوردی، کێشی عەرووزییان لە شیعرەکانیاندا بەکار هێناوە. بەشێک لەوانەی شیعری کلاسیکی کوردییان ساغکردووەتەوە زۆر تەواو شارەزای زانستی عەرووز نەبوون و نین، بۆیە نەیانتوانیوە شیعرەکان لەسەر بنەمایەکی ڕاستودروست ساغ بکەنەوە و لەنگییان تێکەوتووە. بەشێکی تریان ئەگەرچی تا ڕادەیەک شارەزاییان لە زانستی عەرووز هەبووە، دیوانی شاعیرانیان باشتر ساغ کردووەتەوە، بەڵام کاری ئەوانیش بێ کەموکورتی نییە و بە باشی نەچوونەتە ناو وردەکارییەکانی زانستەکە و لە بەشێکی هەوڵەکانی ئەوانیش لەنگی و کەموکورتی هەیە.

بیرۆکەی ئەو پرۆژەیە لەوەوە سەری گرت، کە بۆ توێژینەوە و خوێندنەوەی شیعری کلاسیکی، هەمووان پشت بەو دیوانە چاپکراوانە دەبەستن، لە کاتێکدا لەنگی و کەموکورتییان لە ڕووی کێش و مۆسیقای عەرووزییەوە تێدایە، بۆیە لەم پرۆژەیەدا یەکە بە یەکەی ئەو دیوانە چاپکراوانەی شاعیرانی کلاسیکی کوردی دەهێنینەوە ناو دنیای توێژینەوە و لە ڕوانگەی زانستی عەرووزییەوە لێیان دەکۆڵینەوە و بە وردی لەنگی و کەموکورتییەکان دەستنیشان دەکەین و بەپێی بنەما و پێوەرەکانی زانستی عەرووز چارەسەریان دەکەین.

ئەم پرۆژەیە دەمێکە دەستی پێ کردووە و تا ئێستا دیوانی دوو لە شاعیران لە ڕوانگەی عەرووزییەوە ساغ کراونەتەوە، یەکەمیان دیوانی (نالی)یە، کە بووەتە پرۆژەی دوکتۆراکەمان بە ناونیشانی (عەرووز وەکوو پێوەرێک بۆ ساغکردنەوەی شیعری نالی) و لە شێوەی کتێبێکی ٦٢٠ لاپەڕەیی لە کتێبخانەکاندا بەردەستە. دووەمیان دیوانی (مەلای جزیری)یە، کە پێنج توێژینەوەمان لەو بوارەدا پێشکەش بە گۆڤارە زانستییەکانی زانکۆکان کردووە و بڵاو کراونەتەوە. ئێستا کار لەسەر دیوانی سالم دەکەین و بەم نزیکانە کۆمەڵێک توێژینەوەی تری تایبەت بە شیعرەکانی سالم بڵاو دەکەینەوە.

ئەم پرۆژەیە بۆ شاعیرانی تری کلاسیکی کوردی بەردەوام دەبێت، یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی ئەو دیوانانە جارێکی تر و لەسەر بنەمایەکی عەرووزی و بەبێ لەنگی و کەموکورتی لە چاپ بدرێنەوە، دەرەنجامی ئەو کارانەمان دەبێتە مایەی ئاسانکاری بۆ نووسەران و ئەکادیمیان و خوێنەران، کە ڕاستودروستترین دەقی شیعری شاعیرانی کلاسیکییان لەبەردەستدا بێت.



# پرۆژەی ساغکردنەوەی دیوانی شاعیران، لە ڕوانگەی عەرووزناسییەوە

د. یادگار ڕەسووڵ باڵەکی
(زانکۆی سۆران- سەنتەری توێژینەوەی زانستی)